www.kurdistannet.org
30-12-2006 19:20 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئیسرائیل، ئەگەرێک بۆ پشتیوانی کورد! ... بەهێز حوسێن

Bahez2006@hotmail. com

ئەوەتەی کورد هەیە پشتیوان و هاوپەیمانێکی ستراتیژیی نەبووە و تا ئێستاش وێڵی دوای ئەو پشتیوان و هاوپەیمانەیە و ئاواش بڕوات هەر نایدۆزێتەوە.

کورد بە درێژایی مێژوو ویستوویەتی سوڵتاننشینی عوسمانی و شانشینی ئینگلیز و شا و مەلاکانی ئێران و عەرەبی ناسری و لینین و ستالینی شوورەویی و ئەمریکا بکاتە هاوپەیمان و پشتیوانی خۆی بەلام نەك هەر ئەمەی بەدەست نەهێناوە بەڵکو زۆربەی جارەکانیش ئەوانەی کورد ویستوویەتی بیانکات بە پشتیوانی ستراتیژی خۆی، لێی هەڵگەڕاونەتەوە و سەرکوتیانکردووە.

کورد بە درێژایی مێژووی سیاسی خۆی هەمیشە لە مەدح و سەنای ئەو دەوڵەت و حکومەتەدانەدا بووە و خوێن و ماڵ و هەندێك جاریش خاکی کردوونەتە قوربانی، بەڵام ئەوان لە تەنگانەدا پشتیان بەرداوە و بە بێدەنگی لە قەتڵوعام و قڕکردنی کوردیان ڕوانیوە، تاکە دەوڵەتێك لە مێژووی سیاسی هاوچەرخدا قسەی لەسەر بوون و گەشەکردنی کورد کردبێت و لە بەرامبەردا کورد بە گەڕانەوەی بۆ ئینتمای ئیسلامی و دڵڕازیکردنی شۆڤێنست و ناسۆنالیستی عەرەبی پێکردبن و شەڕی لەدژکردبن و لە وڵاتی کوردستان دەریکردبن (جولەکە و ئیسرائیلییەکان) بوون!.

پێموایە ئیسرائیل تاکە دەوڵەت و دەسەڵاتە لە تەواوی جیهاندا بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی خۆی پشتیوانی لە کورد بکات بۆ دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و پێشموایە هەر ئەو شك دەبەین بیکەینە هاوپەیمان و پشتیوانی ستراتیژی خۆمان، بیریشمان نەچێت کە ئیسرائیل وڵاتێکی بەهێزی ئابووری و سەربازیە و خاوەنی کاریگەرترین هێزی بڕیاردەری ئەمریکایە و لە ڕووی جوگرافیشەوە وڵاتێکی هێندە دوورنییە لە کوردستانەوە، جولەکەش بەپێی سەرچاوەمێژووییەکان لەکوردستاندا لە پاش ئێزیدی و کاکەیی و زەردەشتییەکان سێهەم گروپی ئاینی بوون کە کورد زمان بوون و خزمەتێکی زۆریشیان بە وڵاتی کوردستان کردووە، باشە کەوایە بۆچی سەرکردایەتی کوردستان بڕیاری بەستنی پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ ئیسرائیلدا نادەن!؟.

بێگومان لەوە دەچێت ئەمجارەش سیاسییەکانی کورد وەك هەڵەی سەرکردە و ڕابەرانی پێشوو کەوتبنەوە ژێر کاریگەریی ئەو دۆستە دوژمنانەی عەرەب و ئیسلام کە سەدان ساڵە باوەشیان بۆ دەکەینەوە و هەمیشە لەغافڵگیریماندا وەك دوپشك ئەمانگەزن و هەر پەیوەندییەك لەگەڵ ئیسرائیلدا قەدەغە و بقە دەکەن و بەرامبەر بەم هەڵوێستەش هێشتا عەرەب خۆی بەهاوپەیمانت دانانێ، لەملاشەوە خۆمان موحتاجی (شەیتانێکین) کە لەپێناو مانەوە و بوونماندا هاوپەیمانێتی ستراتیژیی لەگەڵدا ببەستین، پێموایە کورد هەڵەیەکی گەورەئەکات ئەگەر بیەوێت وەك وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لە ئیسرائیل بڕوانێت، چونکە ئەوان جگە لەوەی دەوڵەتن هاوکات بۆ خۆشیان پشتیوان و هاوپەیمانی یەکترن لە هەموو بوارەکاندا، هەر نەبێ لەبەرامبەر پرۆژەی نەتەوەیی کوردستاندا هاوڕا و کۆکن، ئیسرائیل بۆ ئەوان ئەلتەرناتیڤێکی گەورەی ئابووری و پرۆژەیەکی کاریگەری سیاسی و ئاینی یە لە تەواوی ناوچەکەدا، بەڵام بۆ ئێمەی کوردستانی ئیسرائیل جگە لە پرۆژەیەکی یارمەتیدەر بۆ بێهێزکردنی شۆڤێنزمی عەرەبی کە ئەمەش دەبێتە خاڵێك بۆ بەهێزکردنی پرۆژەی نەتەوەیی کورد و کاریگەردانان لەسەر بڕیارە سیاسییەکانی جیهان، شتێکیتر نابێت و هەرچۆن لێکی دەدەیتەوە لە بەرژەوەندی ئێمەیە.

کورد بۆ خۆی دەڵێت (لەهەر ئەقڵەی خەسارێك) با سەرکردەکانمان وەك بیرکردنەوەی سەرکردە پێشینەییەکانی تر بیر نەکەنەوە و بوێرانە پاش زەنکی بێکەسی نەتەوەی کورد کە لە ڕاپۆرتەکەی (بیکەر ـ هاملٚتۆن) دا گوێی زرنگاندینەوە، بڕیار لەسەر پەیوەندیگرتن لەگەڵ ئیسرائیل بکەنەوە، وای بۆ دەچم کە ئیسرائیل تاکە هیوای هاوپەیمانێتی و پشتیوانێتی ستراتیژیی کورد بێت.
کورد و ئیسرائیل کە هەردوکیان خاوەنی دۆز و ئامانجێکی هاوشێوەن کە ئەویش دەوڵەتی سەربەخۆی پڕ ژیانی ئارام و ئاشتییە بۆ خۆیان، ڕەنگە کەس ئەوەندەی خۆیان لە خەمەکانیان ناکەن و هەر بۆیە کەسیش وەك خۆیان ناتوانێت پشتیوانێتی لەو دۆزەبکات.